Komala Party _ Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

دەربارەی چۆڵکردن و راگواستنی زۆرەملێی ئاواییەکانی چل چەمە لە کوردستان

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان دەگەن لە چەند حەوتووی رابردوودا سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی لە کوردستان دانیشتووانی نزیکەی ١٦ ئاوایی لە ئاواییەکانی چل چەمە هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی دیواندەرە و سەقزیان ئاگادار کردووەتەوە کە ئاواییەکانیان چۆڵ بکەن و بیخەنە بەردەست سپای پاسداران بۆ بەڕێوەبردنی مانۆڕ. لەم مانگەدا ئەو جۆرە مانۆڕانە لە بەشێکی زۆر لە ئوستانی کوردستاندا بەڕێوە چووە. بەرپرسانی سپای پاسداران بە خەڵکیان وتووە کە ئەم چۆڵ کردن و راگواستنە کاتییەو بە هۆی مانۆڕی سەربازییەوەیە، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی هەل‌ومەرجی ئیستراتیژیکی‌و، هەستیاربوونی ئەو ناوچەیەو هەوڵە پێشووەکانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هیچ جۆرێك بڕوایان بەم جۆرە بەڵێنانە نەکردووەو ئەم داخوازییەیان رەت کردوەتەوە. هێندێك لە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەم ناوچەیە بکاتە بنکەی هەڵدانی مۆشەك کە ئەمەش بەمانای کردنی ئەو ناوچەیە بە پێگەیەك بۆ شەڕخوازی‌و کاری تێکدەرانە لە هەموو ناوچەکەدایە.

ئێمە چۆڵکردن‌و راگواستنی زۆرەملێی ئاواییەکانی دەوروبەری چل چەمە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە کردەوەیەکی دژەخەڵکی دەزانین‌و بە توندی مەحکومی دەکەین‌و بەم جۆرەش سەرنجی بیروڕای گشتی بەرەو ئەو راستییە رادەکێشین کە ئاکامی ئەم کردەوەیە تەنیا دەبێتە هۆی مانەوەی سەرکوتگەرانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان‌و لە مەترسی خستنی ژیان‌و ئاسایش‌و حەوانەوەی خەڵك لەو ئاواییانەو لە ناوچەکەیە بەتەواوی‌و، دووریش نییە کە ببێتە بنکەیەك بۆ هەڵسووڕانی تێکدەرانەو تیرۆریستی لەو ناوچەیە.

سکرتاریەتی کۆمەڵە

٢٥ی خەرمانانی١٣٨٣

١٥ی سێپتامبری ٢٠٠٤

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138499**
Mobile: **009647701405134**
Fax: 00447043140449